کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 21:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حکومەتی دەسەڵاتدار و وەزیری بی بەرنامە ... دڵزارحەسەن

یەکێك لە ئامرازەکانی سەرکەوتنی هەرکابینەیەك لە دوای هەڵبژاردن و دەستبەکاربوونیانەوە، بێگومان هەلومەرجی لە بار و میکانیزمی بەرێوەبردنی ئەو سیستەمەیە کە حکومەتی هەڵبژێردا و پراکتیکی دەکات. کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە خەریکە ساڵێکی تەمەنی تەوا و دەکات کەوتۆتە بەر گەورەترین ئەگەری پرسیارکردنەوە کە ئاخۆ لەم ماوەی تەمەنیدا چی پێشکەش بە خەڵك کردووە. دیارە لە یەکەم ڕۆژی دەستبەرکاربوون و راگەیاندنی کابینەی تازەی حکومەت لە لایەن کاك نێچیرڤان بارزانیەوە کۆی بەرنامەی کار و پرۆژە جەوهەریەکانی حکومەت بە ئامادەبوونی تەواوی وەزیر و بەرپرسە بالاکانی کوردستانەوە خوێندرایەوە، ئاماژەکان زۆر بوون بەشێوەیەکی ئەژمارکراویش ڕەنگە من نەتوانم کۆی ئەو شتە کراو و نەکراوانەی حکومەت لەم تەمەنەیدا بخەمە بەر دیدی خوێنەرەوە، بەڵام بە هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئەو چەند وەزارەتەی کە بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆژەکانی حکومەت دەست بەکار بووینە بە تایبەتی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی و پلاندانان و ئاوەدانکردنەوە و بازرگانی و ... هتد بەلای منەوە ئەم وەزارەتانە ئەرکەکانیان لە پێشی پێشەوەی وەزارەتەکانی دیکەوەیە لە پێگەیاندنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیانەوە، وەك زانراویشە هەریەکێك لەو وەزارەتانە تەواوی پێداویستی ئیداری و میکانیزمی کارکردنیان لە بەر دەستایە بۆ ئەوەی پرۆژە و ئەرکەکانیان لێیەوە جێبەجێبکەن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ یەکێك لەو کابینە ئاکار ئەکتیڤانە بە ئەرکی ئەکتیڤانەی خۆیان هەڵنەستاون. کۆنفرانسی پەروەردەیی کە دەمێکە وادەی بەستنی دراوە بەڵام وەزارەتی پەروەردە هێندە بێدەنگە لە ئاست ئەو پرسەوە کە خەریکە لە یادمان دەچێتەوە کە وەزارەت وادەیەکی ئەوهای بە هاووڵاتیانداوە، ئەمانە و زۆرێك گرفت و کێشەی دیکەی پەروەردە و خوێندن کە مومکین نییە بەو هەیکەلەی ئێستای وەزارەت وابەئاسانی چارەسەربکرێت. لەلایەکی دیکەوە قورسترین و پڕبەهاترین وەزارەت لە دونیادا بێگومان وەزارەتی پلاندانانە کە پێش دامەزراندنی ئەو وەزارەتە تەواوی نووسەر و ڕۆشنبیران و دنیادیتەکانی ئێمە داوایاندەکرد کە وەزارەتی پلاندانان یەکێکە لەم وەزارەتە ئەکتیڤانەی کە پێویستە لە کابینەی تازەدا بوونی هەبێت، خۆشبەختانە وەزارەتی پلاندانان دامەزرا و وەزیرێکیشی بۆ داندرا، بەڵام ئەم وەزارەتی پلاندانانەش تاکو ئێستا هیچ یەکێك لەو پرنیسپانەی نەخستۆتە واری پراکتیکەوە کە واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پرۆژەخزمەتگوزاریەکانی وڵاتی ئێمە پێویستیان پێیەتی. بە هەمان شێوە وەزارەتەکانی دیکەش جگە لەچەند کار و چالاکیەکی لۆکاڵی تایبەت نەیانتوانیوە ئەو ئەرکە دەوڵەمەندەی حکومەت رابپەڕێنن کە سەرۆکی حکومەت لە کاتی دەست بەکار بوونیانەوە پێیانی راسپاردبوو. ڕەنگە هەندێك کەس پێیان وابێت کە ئەم وەزارەتانەی ناومان بردوون یان هەندێك لەو وەزارەتانە تەنها ئەرکیان هەڵسوڕاندنی کار و پرۆژەکانی پێشترە و هیچ بوارێك بۆ ئەوان نەماوەتەوە تا ئەرکە تازەکانیان پراکتیزە بکەن، بەمانایەکی دیکەوە بەشێك لەو بۆچونانە پێیان وایە ئەو کابینە تازەیە تەنها بە ڕواڵەت یەکیانگرتۆتەوە ئەگینا لە ژێرەوە هیچ یەکێك لەم وەزارەت و وەزیرانە دەسەڵاتیان نییە کار و ئەرکی تازەیان جێبەجێبکەن. لێرەدا پرسیار و گومانەکان لە سەر ئەو جۆرە تێگەیشتنانە دوو شێوە سەرنج و تێبینی دەخوڵقێنێت، دیدێکیان دەگەڕێتەوە بۆ کەم توانای ئەو وەزیر و بەرپرسە تازانەی ئەو وەزارەتانە یان خۆیان بەهۆی سەرقاڵبونیانەوە بە کۆمەڵێك ئەرك و شتی لاوەکیەوە وایانکردووە ئەو جۆرە باوەڕە تەشەنە بکات، بە شێوەیەك لە شێوەکانیش وەك بەهانەیەکیش بەکاری دەهێنن بۆ سڕکردنی حکومەتیش.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە کاتێکدا ئەگەر هەر رەخنە و پێشنیارێك لە ئارادابێت بۆ ئەوەی حکومەت بە شێوەیەکی باشتر و تەندروستانە ئاراستە بکرێتەوە هەڵبەتە بۆ وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار واچاکە لە کاتی کۆبوونەوە و دانیشتنە فەرمیەکانی حکومەت باسی لێوەبکرێت نەك لەرۆژنامەوە وەك نوزەیەك دەنگ هەڵێنیت..

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆشەی " دەنگ "ی ژمارە 194 رۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.